کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-11-2007 0:47

## بیرەی ئیسلامی و کوشتنی ژنان ... ئەنوەر حسێن

a_bazgr@yahoo. com

لیژنەی باڵای فەتوای زانایانی ئاینی ئیسلامی لەکوردستان، فتوای حەرامکردنی بەکارهێنانی قورئانیان لەموبایل و خواردنەوەی ئاوجۆی ئیسلامییان قەدەغەکرد. پەرلەمانی کوردستانیش لەم وەزعە پەشێوەدا، پاش چەند ڕۆژ یاسای قەدەغەکردنی جگەرە کێشانی لەشوێنە گشتییەکان پەسەند کرد وەکو کوردستان هیچ کێشەو مشکلەی نەبێ.



مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ "کەر لەکوێ کەوتووە کوندە لەکوێ دڕاوە؟
ڕۆژانە لانی کەم (5-10) ژن لەکوردستان بەبیانوی جیاجیا دەکوژرێت و لەدوای ڕاپەڕینەوە تائێستا (12500) ژن لەکوردستان بەناوی شەرەف و سێکس و سکپڕبوون و جاسوس.. هتد، کوژراون تەنها لەماوەی یەك ساڵدا لەسلێمانی (1800) ژن خۆیان سوتاندوە. کەچی زانایانی ئاینی ئیسلام نقەیان لێنهات و بڵێن کوشتنی ژنان کوفرە، حەرامە، تاوانە... !
لەئێرانی ئیسلامی مەرجەعی شیعەی دونیا و سعودیەی ماڵی خواو مەرجەعی سوننەی وەهابی، ئاوجۆ نۆشدەکری، جاروبار بیرەی پڕ کحولیش نۆشدەکرێت.
کەچی تازە زانایانی ئاینی کوردستان لێرە، بیرە و ئاوجۆ حەرام دەکەن.. ؟ خۆیان پێ لەئێران و سعودیە موسوڵمانترە، پێدەچێت چاویان لەئەزهەر و فتواکانی ئەوان کردبێ و کوردستانیان لێبووبێتە قاهیرە.
سەیرە حکومەت لەم کارە بێدەنگە، ئاخر دوورنییە سبەینی بڵێن " ئەبێ دووکانی مەی فرۆشەکانی کوردستان دابخرێت، کوفرە، سینەما حەرامە، تەنوورەی کورت حەرامە، قۆنەرەی قاپ قاپ قەدەغەیە. دەبێ یەکێتی زانایان بزانن بەکارهێنانی موبایل و خواردنەوەی ئاوجۆ و بیرەی تۆبۆرگ و خواردنەوەی ویسکی شتی شەخسین دەخاڵە تکردن لەگەڵیان، لەگەڵ سیستەمی دیموکراسی و دیفاع لەعیلمانیەت و مۆدێرن نایەتەوە.
ئاخر گەر وابێ هەڵواسینی دە بڵند گۆبە هەموو مزگەوتەوێکەوە هەراسانکردنی خەڵك و بردنی منداڵان و پێی وتنی دەرس و وانەی ئیسلامیش حەرامە.
خەڵکێك لەدەرەوە وادەزانن کوردستان هیچ کێشەی نییە، تەنها زەنگی موبایی ئیسلامی و خواردنەوەی ئاوجۆ نەبێ.
ئاخر لەم وڵاتە کەس ئیشی خۆی نازانی، بۆیە وایلێهاتووە.
کچێکی هاورێم وتی "ژنێکی دراوسێمان شەوێك بەگریان هاتە ماڵمان، کەوتم ئەوەچییە" وتی سامان عومەر نەخۆشەو لەنەخۆشخانەیە.
وتم تۆ چوزانی بەمشەوە، وتی بائێستا تەلەفیزیۆن نیشانی داوە لەنەخۆشخانە بووە؟
کچەکە وتی، ژنەکەی دراوسێمان کلیپەکەی سامان عومەری دیبوو، وایزانیوە ڕاستە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئێمەش لێیان تێکچووە وادەزانن ئێرە میسرو سۆدان و ئەفغانستان و سەردەمی تالیبانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.